www.kurdistannet.org
24-2-2007 1:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕۆناڵدینۆ شەرم لە خۆیی دەکات ... ئەنوەر خەراجیانی




زۆربەی ڕۆژنامەوەرزشیەکانی ئیسپانیا سەر دێڕی بابەتەکەیان بریتی بوو لە باسی ڕۆاڵدینۆ ماوەیەکی زۆرە یاریزانی بەناوبانگی جیهانی وەك ئاستی پێوویست یاری ناکات و بەرشلۆنەش توشی شکستی زۆر بووە هەرچەندە یانەی بەرشلۆنە لە وەرزی ڕابردوو دا پاڵەوانی ئیسپانیا و خولی چامپێۆن بوون ئەم دوو سەرکەوتنە گەرەترین دەستکەوتی یانەی بەرشلۆنە بوو، ڕاهێنەری بەرازیل دۆنگا پێش هاتنی ساڵی 2007 لە ڕۆژنامەوانیەکدا پرسیاری ڕۆاڵدینۆی ئاراستەکرا لە وەڵامدا ووتی ڕۆناڵدینۆ باشترین یارێیزان بوو بەڵام ئێستا شەڕ لەگەڵ تۆپی پێ دەکات. دەبێت ئەوەش لە بیر نەکات کە توانای ئەو ململانیە سەختەی یانەکانی ئەوروپای نەماوە لە درێژەی ووتەکانیدا ووتی من پێم باشە یاریزانی ناودار وەك ڕۆناڵدینۆ و ڕۆناڵدۆ و کافو. . . هتد پێش ئەوەی یانەکان لێان بێزار بن خۆیان دور بخەنەوە لە ڕیزبەندی یانەکان، کاتێك زەینەدین زەیدان بڕیاریدا واز لە یانە و هەڵبژاردەی وولاتەکەی بهێنێت لە لایەن فیفاوە دەسنیشانکرا بە باشترین یاریزانی ساڵی 2006، ڕۆژنامەی ئەفتونبلادێتی سویدی بڵاویکردەوە زەگی ئاگاداری لێدا بۆ ڕۆناڵدینۆ دوا یاری یانەی بەرشلۆنەو لیڤەرپوڵ کە لە یاریگای بەرشلۆنە سازدرابوو ڕۆناڵدینۆ وەك پێوویست یاری نەکرد و هیلاکی زۆری پیوە دیار بوو لەوە دەچێت یانەی ناوبراو ڕۆناڵدینۆ بخاتە لیستی فرۆشن.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.